
وەزیری بەرگریی چین: هەر کەسێک بیەوێت تایوان لە چین جیا بکاتەوە "کۆتایی بە خۆی دەهێنێت"



وەزیری بەرگری چین, دۆنگ جون لە کۆنفرانسی ئاسایشی ساڵانەیدا باسی لە پێویستی ئاشتی و سەقامگیری جیهانی کرد و وتیشی: سوپای چین ئامادەیە بە ئاوگۆکردنی هاوکاری لەگەڵ سوپای ئەمریکادا.

دۆنگ جون لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا لەگەڵ وەزیری بەرگری ئەمریکا لەید ئۆستن لە کۆنگرێسکەدا دەرکەوتن و تیایدا ڕوخنەی توندی لە تایوان گرت کە تازە حکومەتێکی نوێی هەڵبژاردراوی پێکهێنا.

وەزیری بەرگری چین ئەمریکای تەمەتبار کرد بەوەی هانی "ئازووەندانی جیاکەرانی تایوان" دەداتلە چین، دووپاتیشی کردەوە کە تایوان لە ڕاستیدا پارێزگایەکی چینە و ئەمریکای تەمەتبار کرد بەوەی چەک دەگوازێتەوە دوورگەی تایوان و هەڵی سووری چین دەبەزێنێت.

دۆنگ جون دەڵێت: "سوپای سوپای ڕزگاری گەل وەک هێزێکی بەهێز دەمێنێتەوە بە پشتیوانی لە یەکگرتنەوەی نیشتمانیی و وڵات"، هەروەها ئەم هەنگاوی توند دەگرینەبەر بە سنووردارکردنی سەربەخۆیی تایوان و دۆنیابوون لەوەی کە ئەم جۆرە پیلانگێڕییە هەرگیز سەرکەوتوو نابێت. وەزیری بەرگریی چین لە کۆتاییدا گوتیشی: هەر کەسێک بیەوێت تایوان لە چین جیا بکاتەوە، "تەنها کۆتایی بە خۆی دەهێنێت".